# گەیشتن بەئاگر

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر


# گەیشتن بەئاگر

شیعر

دڵشاد عەبدوڵڵا

ناوی کتێب: گەیشتن بەئاگر – شیعر
شیعر: دڵشاد عەبدوڵڵا
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٨٠٠
موتیڤ: قەرەنی جەمیل
پیت لێدان و دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: فەهمی ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٧٦٥
ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# کۆنسێرتی بازاڕ



شەقام فەرشی ئاگرە

شۆستە
زەوی بۆڕ تۆو دراوە
لاوازە ئەوەی تێیدا ڕوواوە

دوکان
نوساوون بەیەکتریەوە
بەپێچەوانەی خاوەنەکانیان

چایخانە پڕە
تەنیایی لەوێ زیاترە
خۆر کرێکارێکی بێکارە
لەسەر کورسی
باخچەی گشتی
ڕاکشاوە

لە کۆڵانی ئاسنگەراندا
دڵم لەسەر دەستگا دانراوە
چەکوشێك دەیکوتێ

دارتاش دەیکەن بەلانك
گوڵفرۆش دەیکەن بە  چەپکە رەیحانە

لە کۆڵانی کوتاڵفرۆشاندا
قوماشێك
دەستی لە دەستم دەخشێنێ

جووتە گوارەیەك بە دزی تەماشا دەکەن
شامپۆیەك کەفی بەفرینی
بە پرچم دادێنی

لە دوکانی وردەواڵە فرۆشێکدا
ئاوێنەیەك لەو دوورەوە
نیگایەکی شەرمنم
لە خۆیدا دەنووێنێ

ملوانکەیەك دەمباتەماڵەوە
شەوێکی خۆش بەسەردەبەین
لەبن قوببەی
سینەیەکی ساف و لووسدا
دەمخەوێنی

دەرپێیەك لە تەنیشتیەوە
تاریك و روونە
ئاڵاوە لە رووی بەیانی
ها كا لاچوو دەركەوت ڕووناكی جوانی

بازاڕ ماڵی هەمووانەو
هی کەسیش نییە
وریابە!
ئەو ژنەی بەلاییدا دەڕۆی
باڵندەیە
فڕینی لێ تێك مەدە
ئەوەی لە پشتڕا دەیبینی
ئارام و لەسەرخۆ دەڕوا
دیووی پشتەوەی شەپۆلە
ئەوەی هەیەتی داویەتییە پێشەخۆی

گوێ لە دەنگی پێیەکان بگرە
مۆسیقای خودایە
بەر زەوی دەکەوێ
هەریەکەو ئاوازی جودایە

منداڵێك دەگری
پیرێك حەسرەت هەڵدەکێشێ
تۆ
هەردووکیان بە

کەسێك دەست پان دەکاتەوە
دوو دڵ مەبە
ڕۆحی خۆت
بخە ناو لەپی

هەرچییەك دەکڕی
سەرەتا بۆنی کە
دڵنیابە لێی بێگانە نییە
هەمووشت شایانی ماڵ نییە
لە کۆنسێرتی بازاڕدا
خۆشترین ئاواز
هی دڵە.

چەقۆیەك هەموو شت لەت دەكا
بڕبڕەی پشتیش
دەستێكم بە قەنارەوەیە
ئەوی تر
لەسەر قیمەكێش ورد دەكرێ
چاوم لە ناو
سەبەتەی میوە فرۆشەكاندا دەفرۆشرێ
ژنێكی عەبا بەسەری
جووتێ نەعلی دڕاو لەپێ
لەتێكی جەرگم دەكڕێ


پارچە نایلۆنێکی ڕەش
پەنجەکانمی تێ دەخرێ
لەگەڵ پاشماوەکاندا
فڕێ دەدرێ!

لە دوکانی هەڵلاجێکدا
لۆکە بەفری بیرخستمەوە
چانەبوو ئەو لێرە نەبوو
بارستایی بەژنێکی
بە پوولێك دەبوو

گەسکێك گرتمییە دەستییەوە
مایە و قازانجی رامالّی

بانگی ئێوارە
کۆترەکانی سەر دیواری
مزگەوتی هەڵفڕاند
کۆنسێرتی بازاڕ
بەشەقەی باڵیان
تەواو بوو
داخران هەموو.

# پرسەی مێخەك




درەخت شین دەگێڕێ
باخچەی گشتی بە پەلکی وەریوو
لەسەر زەوی نووسیووە:
مێخەك لە هەموومان ڕۆی!

پاساری پرسەیان گێڕاوە
گوڵ جلی ڕەنگینی فڕێ داوە
لەسەر کورسیەکان دانیشتوون عاشقەکان
سەریان شۆڕکردۆتەوە سەرسنگیان
فرمێسکی گەرم دەڕێژن

لە تەنیشت بولبول وەستاوم
گوێم لە سۆزو
هەنسکیەتی
شەوبۆ چارۆگەی هەتاوی کردۆتە سەر
پەپوولە عەتر دەگێڕن بۆ پرسەداران
ئەوەی دێ سڵاو لە من دەکا
ئەوەی دەڕوا سەرەخۆشی لە من دەکا
لە دێر زەمانەوە وایە
شاعیر وارسی جوانییە
کە جوانێك مردووە
ئەو لە پرسەی دانیشتووە.

# پەیکەر

بۆ پیربال مەحمود



لە جیهانێکدا کە توونـد و تیژی رکێفی کردووە
بیر لە جێگایەك دەکەمەوە لێوانلێو لە ئـاشتی
گوڵ بـاشترین پـاسەوانی بێ
بـە دەستی هـەمووانـەوە
بـەرزترین یـاڵی هـەڵدەبژێرم بۆ دوامـاڵم
هێمنترین شـەقـامی بـەنـاوی خۆم نـاودەنێم
غـەریبترین درەختی تێدا دەڕوێنم
بیر لـە خـانوو نـاکـەمـەوە

بۆ خۆم و بۆ خـێزان
منداڵەکانم دەتوانن
لەژێر خێوەتی شیعرەکانمدا بژین
ژنەکەشم دەتوانێ تا ماوە
لە خۆشەویستیم بخواو تەواو نەبێ
لەو شارەدا – ئەگەر هات و گەیشتم پێی –
لە گۆڕەپانێك دەگەڕێم
هەموو کۆڵانەکانی بچێتە سەرو
هەموو ڕێبوارەکانی پێدا بڕوا
لەوێش
لە شوێنی پەیکەرێك دەگەڕێم بۆ خۆم
سەر بدا لە هەموو هەورەکان
بەرزتر لە باڵای
هەموو ئەپارتمانەکان.

**کۆتایی ٢٠٠٧**

# خۆم

لەناو پیاوەکاندا دیارم
نەکەشیدەم لەسەرە
نەجلی پاشام لەبەرە
نە شمشێرم بە قەدەوەیە
لەوێ لەناو پیاوەکاندا
پرچم پڕە لە پەپوولە
ناو لەپم پڕە لێیان
هەتاو پرسیار ناکات بۆ ناسینەوەم
شەو روخسەت لە کەس وەرناگرێ بۆ سەردانم
لە هەر شوێنێکدا دڵێك لێ بدات
یا پەلکێك بە ئاستەم بجوڵێ
یا پشیلەیەك بمیاوێنێ
من لەوێ سەد کەڕەت حەیرانم
هەر کاتێك چاوێك بنووقێ،
لقێك بشکێ،
یا مێرووولەیەك بمرێ
پرسەمە ئەوکاتەو
لە پێشی پێشەوەی پرسەدارانم

کۆتایی ٢٠٠٧

## جیاوازیی

خەونی من و تۆوی گوڵێك هەمان شتن
دڵی من و باڵندەیەك
رەنگی من و هی جۆگەیەك
جیاوازییەك ئەگەر هەبێ لە نێوانمان
ئەوان تەنیا بۆ خۆیانە
بۆن و لێدان و خوڕەیان
من بۆ هەمووان.

کۆتایی ٢٠٠٧

## سەفەر



هەریەکەو لە تەمەنێدا گەشتێك دەگێڕێتەوە کە نەیدیووە
من نە دەمەوێ لە قوببەیەکەوە بفڕم بۆ ئاسمان
نە لە خۆرهەڵاتەوە بچمە خۆرئاوا
نە لە دۆزەخەوە بە شانی کەسێکی ترەوە
بگەمە ئەوپەڕی بەهەشت
لە ماڵی (گۆتە)دا ئەوەم بەبیردا هات
عەشق لەکوێ بێ ئەوێ بەهەشتە!
خەیاڵ هەر هێندە فریادەکەوێ
بگەمە ناخی شتە گچکەکان
ئەو گەشتەی من بە تەمەنێك تەواو نابێ
چەند ژیانێکم پێویستە بۆ ناسینیان.

سەرەتای ٢٠٠٨

# فەنتازیای ڕەنگەکان



## سپی

ساڵانێکی دوور و درێژە بەفر برادەرمە
بۆ هەر جێیەك چووبم بردوومە لەگەڵ خۆم
هەر لە کولووەوە تا بارستایی زۆر
لەناو دڵمدا جێگەییم کردووتەوە
تا ناوم نرا بەفر نووس
ئێستا شوێنێکم نەماوە ئەوی تێدابنێم
کردوومە بە کاغەز
شیعری تێدا دەنووسمەوە

زەرد

هەرچی هەبوو لەو ڕەنگە دای پێم
منیش دام بە گوڵ
ئەویش دایە پرچی کچێك
لەناو کتێبەکانمدا

جارجارە تاڵێك دەبینمەوە
بۆنی هەمان گوڵی لێ دێ
کە لە منداڵی ناسیوومە

**قاوەیی**

هێندە پەرت بووە
هەر خاك دەتوانێ بیناسێتەوە
ئەو دایکی راستەقینەیەتی

## شین

هـەموو ڕەنگەکان لـە نزیکەوە بـاشتر دیـارن
هـەر شینـە هـەتـا دوورتربێ
بـاشتر دیـارەو
بـە هـەیبـەتتر خۆی دەنوێنێ

## سوور

وام دەزانی هەر خوێن سوورە
یا گوڵاڵە سوورە
نەمزانی ئازاری گیان
سوورترە لە هەر هەموویان

**مۆر**

داریك پێی ناساندم
ئەو دارە نەماوە
باخ کە دەگری بۆی
فرمێسکی مۆرە

### ڕەش

چەند ڕەش هەیە لە هێشووی ترێدا
چەند هەیە لە چاوی ژنانی ڕۆژهەڵاتدا
شەو چەندی هەیە
هەمووی ناکاتە دڵۆپێکی نائومێدی

## نارنجی

ئێوارەیەك بەرلەوەی بكوژرێ
ئەو رەنگەی لا دانام
هەر هێندەی كوپەیەك بوو
هەموو شەوێك پیاڵەی خۆمی لێ پڕدەكەم
ئێستا هەر بەیادی ئەوە
هەموو شەوم نارنجییە

## خۆڵەمێشی

مردن کە هاتە سەر زەوی
ئەو ڕەنگەی هەبوو
هەر جارەو بڵێسەی ئاگرێك لەبیری دەبردمەوە
کە دادەمرکاوە
هەر ئەو بوو ئەو ڕەنگەی دەهێناوە

## پیازیی

ئـەو ڕەنگە مـەتـەڵـە
سپییـەو سپی نییـە
سوورەو سوور نییە
زەردو زەرد نییـە
ڕەنگی پیرییە
هـەموو ڕەنگە و هیچیش نییـە.

**سەرەتای ٢٠٠٨**

# بوونەوەرەکانی حافز "هی گۆتە"



**بولبول**

گۆرانیبێژێکی تۆراوە
دڵی بەتیری سەد گوڵ پێکراوە

**پەروانە**

شۆڕشگێڕێکی سووتاوە
بە کڵپەی شۆڕش

**کەو**

گوناهە قاسپەی لەو دوورە
دندووکی بەخوێنی براکەی سوورە

**گوڵ**

هەریەکەیان بۆنی کوڵمێك دەدەن
خۆشترینیان هی شیرازە

**باخچە**

لە باخچەدا چی هەیە چی هەیە چی
غەیری پەروانە و عاشق و بولبول و گوڵ و موڵ چی

**گۆتە دەربارەی حافز:**

ڕوح بووکە و شیعر زاوا
حافز هەم زاوا و هەم بووکە

## دیوان

بایەك دێ لە خۆرهەڵاتەوە
بایەك دێ لە خۆرئاوا
سێوێك لەوبەینە لاسوورە

ئاوێك دێ لە خۆرئاواوە
ئاوێك دێ لە خۆرهەڵات
كەنارێك بە یەكیان دەبەستێتەوە

هەرچی نهێنی خۆرهەڵات هەبوو
هەرچی نهێنی خۆرئاوا
هەموومان‌دا بەدیوانێك
ناومان نا
دیوانی دنیا
ئەوێ ماڵی هەردووكمانە هی شیعرە
چاوی ڕەقیب بەسە تیرمان تێ مەگرە

## گۆتە

ئەو کاتەی ئیمپراتۆرەکان بیریان لە جەنگ دەکردەوە
گۆتە باسی بولبول و
گوڵ و شەڕاب و حافزی دەکرد
ئەو کاتەی ئەڵمانیا شانازی
بە خۆی و بە سوپای میرەکانی و
بە کۆشکەکانی سەردەمی باروك دەکرد
گۆتە شانازی بە خۆرهەڵاتەوە دەکرد
بە دوو باڵی پەپوولەوە میوانی شیرازبوو
ئەو ڕێیە دوورەی بە روح بڕیبوو
دیوانێکی خۆرئاوایی بۆ حافز چڕیبوو

شاعیر شتێك دەدۆزێتەوە
کە مێژوو نەیدیووە
کەچی بێ شەرمانە دەیکا بە شانازی خۆی

گۆتە لە گەڕانی بەدوای شارەکاندا
شیرازی دۆزییەوە
لە گەڕانی بەدوای شاعیراندا
حافزی دۆزییەوە
لە گەڕانی بە دوای خۆیدا
خوای دۆزییەوە

شیعر زمانی خودایە
شاعیر داینایە

## دەفتەر

هەریەکەو دەفتەرێکی هەیە
نەك ئەوەی فریشتەی سەرشانی
چاکە و خراپەیان تێدا دەنووسێ
نەهی نفووس
نەهی دەسکەوت و مایە
دەفتەرێك
لە منداڵیەوە
هەر گریانی تێدا تۆمارکرایە
لەسەری هەر لاپەڕەیەکدا
حیکمەتێك نووسرایە:
گەورەترین سەرمایە
کە هەرگیز لەبن نایە
فرمێسکی منە خودایە!

**نامە**

نهێنی نامە ساغ نەبۆتەوە
هەیانە هی دۆست و یارە
هەیانە هی ئەغیارە
جوانترینیان
هی ئەوانەن دوای مردنیشیان گووم ناون
کەس نازانێ بۆ کێ نووسراون

**نامە**

نامە بەفەردە دەگوازرێنەوە
کێشیان سووکە
هەموویان پەپوولەی سووتاون

## ڕەخنە

مەیلە و خێلە
تەماشای شتێك دەکاو
شتێکی تر دەبینێ

## ڕەنجان

هێندە داوای شتی گەورە و ناماقوول دەکەن
دەترسم شتە بچوکەکان
بتۆرێن لێمان
بێ دڵۆپی باران هەور چییە؟
بێ گەڵا درەخت و دارستان چییە؟

**کەنار**

چوارچێوەی ڕووبار نییە
پرچییەتی

**هێڵ**

ژنێکە لەسەر سك نوستووە

**حەمامی ژنان**

ئاسمانی شەوێکی تاریکە
ئەستێرەکان
لەوێدا پڕشنگدارترن

**تاك و كۆ**

هەموو شتێك تاك و كۆی هەیە
مرۆڤ نییەتی

**زێڕ**

خۆر هەموو شتی زێڕە
دڵیشی

**خەون**

پەپوولەیە
چەند ساتێکی کورتە تەمەنی

## نهێنی

کوپەی شەڕابە
تا توندتر دابخرێ
تامی خۆشتر دەگرێ

**رۆژنامە**

هەورە کە باری نامێنێ

**خۆڵەمێش**

قەقنەس خۆڵەمێشی نییە

**جگەرە**

شەوێکە بەدیار مۆمێکەوە
دەتوێتەوە

**لێو**

بادەیە لەناو پیاڵەدا
دەمی لێ نەدەی
تامی نازانی

**کراس**

هەورێکە تا تەنکتربێ
مەزەدارترە
ئاسمانی

**بەرزی**

من و باڵندە
بەهرەمەندی
جێی بڵندین

**مردن**

هەندێکجار مردن هەڵدەکشێ
دەبێتە خۆر
جێ دەهێڵێ ژینی کڵۆڵ
لە دەشتی چۆل و هۆڵ

**دوعا**

بمتوانیبا
هەورم ناو دەنا (دوعا)
کە باریبا
تەڕبیا هەموو شت بە فرمێسکی

**مانـگ**

لـە جـامـە ئـاوێکدا جێگەی دەبێتـەوە
جوانـی بـە گەورە و بـچووکی نییـە

## تریفە

مانگ لەگۆزەی شەرابدا دەنوێ
بۆیە هەمیشە
مەستە تریفەی

**بێدەنگی**

گوڵ کەپێ دەگا پەڕ دەکاتەوە
هەنار توێکل فڕێ دەدا
دەم
کە پێدەگا دادەخرێ

## خوێندنەوە

کتێبێك بخوێنەوە
دەبی بە برادەری
کە زۆرت خوێندەوە
ئەو خۆی دەگەڕێ
بتخوێنێتەوە

**تەلەفۆن**

ئەوەی لەوسەر لەسەرخەتە
مەرج نییە کەسێك بێ
ڕەنگە خۆخێك دڵی گوشرابێ
لەوسەری دنیاوە
تەلەفۆن بکا

**پەیکەر**

ئەو هەموو بارانەم لێ دەدا
کەس چەترێکم ناداتە دەست

**دڵ**

مـاڵی بیٚ دیوارە
دەرگای هـەزار هـەزارە

**گەرمیان**

ژنی جل ڕەش ناسنامەیەتی

**گۆم**

خەیاڵێك بوو
نەڕژایە ناو ئاوی ترەوە
وشك بوو

## گەڵای سوور

لە هەر کوێ گەڵای سوور هەبوو
جێ پێی خودایە

## خوێن

له ناو هەموو ڕەنگەکاندا
ڕەنگی ئەو دارەی هەڵبژارد
كە خوا حەرامی کردبوو

**هەمەدان**

هەمەدان پڕە لە سوورە چنار
سۆرترینیان
چوارینەیەکی بابا تاهیرە
بۆ فاتیمە هاتۆ خوار

**گۆڕ**

شەوی یەڵدایە
هەتاهەتایە

**مەسیح**

ئەو پیاوە هەتاکەی
بەسەر سێدارەوە بێ؟

**قابیل**

قابیل کە مرد
بووە زەروو
کەوتە ناو کانییەکانەوە

## نوستالجیا

هەموو شەوێك خەونێك دێ
دەمباتەوە لای منداڵی
بەرەبەیان کە دێمەوە
سەر ڕێگام پڕە لە گوڵی کێوی
باوەشێکیان لێی دەهێنم
لە ئینجانەی ڕۆژێکی نوێدا دەیانچێنم

**سەرمایە**

خەون باشترین سەرمایەیە
کە لە بنی نایە

**خەیاڵ**

دنیا چەندی بچووکیش بێ
جێگەی خەیاڵی تێدا دەبێتەوە.

"سۆناتای باڵندە" وەفایێکە بۆ فەقێ تەیران، ئەو شاعیرەی لە سەردەمی بەراییدا شیعری لە زارەوە گواستەوە بۆ سەر کاغەز بەبێ ئەوەی لە کاغەز دڵنیابێ! جا ئەو چووزانی میللەتەکەی هێندە وابەستە نییە بە پەرەکانی روحی خۆیەوە و ئەو هەموو دەستنووسەی لێ بزردەکا. نازانم فەقێ هیچ کتێبی هەیە دەربارەی باڵندە یانا، ئەگەر بە حسێبی ناوەکەی بێ دەبێ هەیبێ. ئەوەی من کردوومە کارێکی قەقنەسیانەیە، فەقێم سووتاندووە تا لە خۆڵەمێشەکەی ئەو دروست ببمەوە یا بە پێچەوانەوە خۆم سووتاندووە بۆ ئەوەی لە خۆڵەمێشم فەقێ دروستبێتەوە، بە هەردووبارەکەی مەبەست زیندوو مانەوەیە، لەوەشدا شاعیر و قەقنەس لەیەکتر دەچن، هەردووکیان لەرێی سووتانیان بە زیندوویی دەمێننەوە. دەقی سۆناتای باڵندەشم پێشکەشی شاعیرێکی لەبیرکراو کردووە کە بە زمانی ئارامی لەرۆژگارێکی زۆرگرنگدا شیعری نووسیوە. گۆرگیس وەردە کە خەڵکی عەنکاوە بووە، یەکێکە لەو شاعیرانەی زۆرکەم ئاوریان لێ دراوتەوە، ئەو چەندین دیوانی هەیە، یەکێکیان باسی ژیانی خەڵکی هەولێرە لەو سەردەمانەی شارەکە لە لایەن سوپای هۆلاکۆوە گەمارۆ درابوو، ئێستا هەندێك لەبەرهەمەکانی لە ڤاتیکان پارێزراوە. فەقێ و گۆرگیس دوو لوتکەی کێوی بەفرینن، ئەوەی دەربارەیان زانراوە کەمە و زۆریشییان بزرە و ناخی هەردووکیشیان دەریای بێ بنی شیعر و شیعریەتە.

# دیاری



خانوویەکم دروستکرد لە ناو گوڵێکدا
تاپۆم کرد لەسەر پەپوولە

**وشە**

دوکەڵە
ئاگرەی دیار نییە

**هەتاو**

قەڵەمی ئاسمانە

**سەرین**

هەورێکە
باران و بروسکەی تێدایە

**پرسیار**

شار لە کوێ دەنووێ؟

**نیل**



دشداشەیەکی تۆخی لەبەرە
دەرگاوانی بینایەکە
هەژارەکانی دنیای تێدایە

**ئەهرام**
دڵی خودایە
بۆتە بەرد

**پرسیار**

لە میسر
هەموو شتێکی فیرعەون ماوە
کوا هی موسا؟

**کارتۆن**

دۆشەکی دڕکە


**قاوە**

سەرەنجی کچێکی ئەسمەرە
خەو دەزڕێنی لە چاو

**ئاوریشم**

لە کتێبە کۆنەکاندا باسی سەفەری ئاوریشم دەکرێ
لە پەرستگا کۆنەکاندا باسی ئایینی ئاوریشم
ئاوریشم نهێنییە
چەند باریك و بەهێزتر بێ
بەهای گرانترە

دۆن کیخۆته



مەسیح بە پەناهەندەیی نەچووە ئەوروپا
بە پاپۆڕی قاچاخ نەپەڕییەوە
لە کەمپدا نەمایەوە
لە ئۆرشەلیمەوە بە کەژاوە بردیان
لە فڕۆکەی ئیلهام دابەزی و
سێدارەشی هەر بەکوڵەوە بوو
پاشاکان سەرەنێزەیان لێی دەدا
قوربانیش دەیانخستە دڵیانەوە
........... خەونەکەم لێرەدا پچڕا
پەناگیر کە حوکم دەگێڕن
لە هەموو شتێك دەترسن
لە پۆلیس و خاڵی سنوور
پاڵەوان کە خەونی بەئازادییەوە دی با وەهمیش بێ
فڕێ دەدا هەرچی کۆتە
لەکەس ناترسێ وەکی دۆن کیخۆتە.

# سۆناتای باڵندە

## دۆناو دۆنی دەق

بۆ گۆرگیس وەردە



ئەم سۆناتانە دەستنووسی بزربووی فەقێی تەیرانن
کەس هیچیان دەربارەی نازانێ
هێندە هەیە، باڵندەیەك
کە پێشتر پەری بووە لە پەریەکانی (مۆکس)
لە سوتان ڕزگاری کردوون
چیلکە بە چیلکە هێناونی
لەبن میچی ژووری شیعرێکم دایناون
پاشان هێلکەترووکاوە
ئەوەی باڵە فرە دەکا
زەرنەقووتەی منن لە هێلانەی فەقێ!

ئاوازی تۆراون لە مۆسیقا
قورینگی دابڕاو لە قەتار
فڕیون بۆ دوورترین کەنار
تووکی نەرمیان فرێداوە
پەڕی تیژیان لێ ڕوواوە
نەوە دوای نەوە شێوەیان گۆڕاوە
نەغمەی شیرین و
گەرمای سینەیان هەر ماوە
ماڵم پڕ بووە لێیان
دنیام پڕ بوو لێیان

لە کۆنەوە
هەر باڵندە چۆتە ناو خەون و
هەر ئەو ئیلهامی بەخشیوە بە میر و شاعیران
سپی بووبێ بۆتە مایەی ئاوەدانی
ڕەش بووبێ هی ماڵوێرانی
ئەشقیاو سیحرباز گرتوویانن
هەر یەکەو بۆ مەبەستێك لە قەفەس داینـاون
شاعیران قافیەی باڵیان کردۆتەوە
کێشیان ئازاد کردوون
جریوە و چریکەیان هێناون
دەنکەمرواری مەغزایان چاندووە تێیاندا
هەندێك جاریش لە جێی ئەواندا گریاون
یا هەر بوون بەیەك
بە یەکتر ناسراون
وەکی فەقێ و فەریدەدین.

دەنگیان بە ڕۆژ جۆرێکە بە شەو هەزار
برۆ گۆرانی خۆتیان لێ بچڕە
مەرگی خۆتیان پێ بفرە
ڕەنگین بە بەتووکیان
سەنگین بە بەئاهی گەرمیان
ئەوانیش چەشنی مە غەریب و گرفتار
لەبەر ڕاوچی و ئەغیار

منم فەقێی تەیران !
قوببەی شیعرم هەڵدەتەکێنن مەلەکان
ئێوارەم پڕە لە پەڕی شکاویان
شەوم پڕە لە ئاوازی خنکاویان
نیشانەی عەشقی ناکامن ئەوانە
خەیاڵم لەسەد جێ شکاوە لەگەڵیان
ماندووە سۆناتام بەدەستی فلووتێکەوە
ماندووە کتێبم بە دەستی ڕستەیەکەوە
ماندووە زمانم
ماندووە ڕۆحم بە دەستی شیعرەوە

خوێنیان لێ دەچۆڕێ باڵندە
گوڵاویان لێ دەچۆڕێ
هەندێکیان هی سەردەمی منداڵین
ئەوانی تر بە پیری هاتوون
لەگەڵمدا ڕاهاتوون
خەونیشم لەگەڵدا دەبینن
ئاخۆ لەگەڵ منیش دەمرن؟
سیحریان لێ کردووم
سیحری شین مۆر خەنەیی
ئەو هەموو تەلیسمە چی لێدێ
کێ بەتاڵیان کا
چریکەم یەکجاری ئازادکا

کۆت و پێوەند دەشکێنم
هەر دەخوێنم و دەخوێنم
سنگی خۆمیان بۆ دەکەمەوە
ڕقی خۆمیان دەدەمێ بیخەنە دەم ئاوەوە
کە من ئەو هەموو عاشقە غەمگین و
ئەو هەموو مۆم و بخوورە میوانم بن
تاریکیم بۆ چییە
لە کێی دانێم؟
شیر لە چی بسووم
تیر لە کێ بگرم
نیشانە کێ بێ ؟

بە پەپووە سلێمانە دەست پێ دەکا
کتێبی نەغمەی جیلوەدار
سۆناتای بێ شومار
مەنتیقی باڵندە ئاوە هایە
مەنتیقی رووبار و بایە
ئەو باڵندەش حیکمەتخوانە!
پەپوو سەری دەلەقێنێ بۆ ئەو جۆرە قسانە
ئاگر دەچێ بۆ لای پووش و
ئەویش ئاگر ڕادەکێشی
(ئەو ئاگرە منم فەقێی تەیرانم
هەر زمانی بلێسەیە دەیزانم )

پەپوو ئاوی دیت لە ژێر زەویدا
دنیا لە شێوەی خەمێکی گەورە
چۆکی دادا بوو بە سەریدا
بەرسیسی عابد بانگی ئاوی کرد
ئاو شۆرشی بەرپا دەکرد
لە کەند و جۆگان جێگەی نەدەبووەوە
لە تخووبان تێپەڕ دەبوو
بیستووتە ئاو وڵاتی هەبێ
یا مەملەکەت و میرنشین
ئاو هەر ئاوە
لە شاخ هەڵبقوولێ یا لە چاوی منی غەمگین

ئەی ئاو!
ئاوو ئاو بمبە لەگەڵ خۆت
من و تۆ لەسەر یەك دینین
هەردووكمان لەسەرچاوەوە كە بە شیرینی هاتین
تاڵ نابین بە دەستی ئەم و ئەو
هەردووكمان حیكمەتمان لە سەرەتادایە
كۆتاییمان هەرگیز نایە
هەردووكمان
لە ژێر ئاسمانی شیندا ئارام و لەسەر خۆین
بێ ئامانین
لە تاریكی و شەبەیخوون

ئاو لە هەر شوێنێك بێ
رۆژ لەوێ هەڵدێ
نە خۆرهەڵاتە ئەو شوێنە نە خۆرئاوا
هەر ئاوە و هەر ئاوەو هەر ئاوا
پەپوو راست دەکا
ئاو تامی منداڵی لێ دێ
تا دەمرم دەستم بە دامێنی ئەو تامەوەیە
(زیندان لە بیری نەبردمەوە
برادەرەکانی لە بیر نەبردمەوە
کۆت و پێوەندیان خستە پێم
کەچی من هەر دێم
هەور و بارانم
منیش فەقێم فەقێی تەیرانم)

دارسمەی خاڵدار سنگم کون دەکا
دێنە ژووریٚ
دندوك گەورە و هی بچووك
پیٚ لووس و تووکدار
کاکۆڵ قیت و بەرزگ خەتدار
نەشئەمە هەناسەیان
جەستەمە سفرەیان
لە ژێر زمان و لە بەینی ددان و
ژێر برژانگم دەبریسکێنەوە
هەر ئەوانن
هەتا مردن لەگەڵم دەمێننەوە

سڵاوتان لێ بێ باڵندەی بەیانی
هی نیوەڕۆ ئێوارە
سڵاوتان لێ بێ باڵندەی شەوان
هی وشکایی یا ئاویی هەمووتان
خوداش سێبوری پێتان دێتەوە
دەوری عەرشی پڕ کردووە لێتان
لەوم بیستووە
ئاسمانی بۆ ئێوە دروست کردووە
تا ئارامتر بێ جێتان

وتم کۆتر فریام کەوە
هەر لەوەی نوح  هەتا گەردن شەڕابییەکەی گۆنای یار
گەیشتنە کەناری خەیاڵ
گۆم پڕبوو لێی دەڕژا سەرخۆشی
دڵ پڕ بوو
دەستم لە ناو هەوای  سارد ڕاگرتبوو
فریاد ڕەسێك کوانێ؟
پووش و پەڵاشی ئومێدی لەسەر دانێ
دەستم بە چڵ شوبهاند ئەمما چڵی پایزانە
کێ دەنیشێ لەو شوێنانە؟
وەکێ با لاشەی گەڵام ڕادەکێشا
وەکی سەبا هەر ئاهم هەڵدەکێشا

بە هەویای قومری چوومە سەر هەردێك
کەوتمە داویەوە
شەڕابی لاملی دامێ خواردمەوە
شینایی باڵی دامێ کردمەوە
لەوساوە هەر دەفڕم
شینایی تەواو نابێ
گەروو شینەی کلك باریك بە تەمای چییە؟
ئەو هەموو هێلکەی داناوە
دنیا تاسەر بۆ کێ ماوە
بستە خاکێك کوانێ
مانگ تریفەی لەلا دانێ؟

پەرەسێلکەی پاشەڵ سپی
لە نامەیەکدا دەنووسیٚ:
متمانە دەکەم بەفەقیٚ!
گەنجینەی خۆمی لەلا دادەنێم
پاش من ئازادە دەیدا بەهەرکیٚ
ئارام بە ئەی دۆست
ئەی دۆست ئارام بە
ئەو سەروەت و سامانە
شاعیران پاراستوویانە
نە بە هەوەنتە کۆدەکرێتەوە
نە هەموو کەسیش پێی هەڵدەگیریٚ

فەقێ هەتا مرد ڕاوی نە دەزانی
متمانەی نەبوو بەگەنم کە دەخرێتە ناو داوەوە
خووی باڵندەی هەڵگرتبوو
مەرایی نە دەکرد بۆ پاشا و میران
لەگەڵ ڕووبار دەیکرد تەگبیران
چۆن بگەڕێتەوە مۆکس و
جێی ئەو هەموو باڵندەیەش بکاتەوە
لە گیرفان و
لەسەر شان و
ناو جەمەدانی و فەقیانە
لەگەڵ خۆی بیانباتەوە لای منداڵی

فەقێ دەگێڕێتەوە:
لە باخێکدا دوو بەدوو دانیشتبووین
من و بووکەسوورەی مەیلە و نارنجی
هەورە تریشقەی ناحەزێك
ژووانی لێ تێك داین
ڕەنگی خەت و خاڵی ڕژاند
سنگی پژاند
باڵی چزاند
دنیا هەمووی بوو بە نارنجی
کەس نەبوو خڕی کاتەوە
خۆم پڕ کرد لێی
لەو ساوە فەقێی نارنجیم!

فەرهەنگی شیعرم پڕ بوو لە وشە
هەمووی نارنجی
سروشت داخرابوو بەسەریەك ڕەنگدا
ماڵ داخرابوو بەدەرگای نارنجی
سوخمە داخرابوو لەسەر نارنجی
بۆ هەر کوێ دەچووم هەر نارنجی بوو
هەر من و نارنجی
خزم و کەسە ڕەنگەکانی ترم لە کوێن؟
برادەرە ڕەنگەکان لە کوێن؟
باڵندە ڕەنگەکان لە کوێن؟

تاوسێك بەئاگای هێنام
چووبوومە خەونێکی قووڵەوە
شێخی سەنعان بووم بەدیار کچە ئەرمەنەوە
بێ ئاگر دەسووتام
بێ تیغ دەکوژرام
ئەی تاوسی بەیانی
ئەو هەموو رەنگەت لە کوێ هانی؟
لێرەوە تا مەملەکەتی ڕەنگەکان چەند دوورە
لێرەوە تا ئەوێ
چەند ڕەنگ لەدایك دەبێ چەند دەمرێ؟
هەر ڕەنگە و چەند قوربانی دەوێ؟

قورینگی شینیتەنیا لەگوێ ئاوێکدا
دیمەنێکی پێشتری هێنامەوە یاد:
ژنێك لەو شوێنە خۆی دەشوات
چەند بەبریسکەن دڵۆپی
سەر لەشی هەردووکیان
ئەو قورینگە شین نەبا لەو ژنە نەدەچوو
شین هەردووکیانی خڕکردبووەوە
کە شین نەما
هەردووکیان نەمان
ڕەنگ ئەو شوێنەی نیشان دام
ڕەنگ قورینگ و
ڕەنگ ئەو ژنە بەبریسکەی نیشان دام

باڵندە لە دڵی خوا دەگا
دەزانێ حەز ناکا تەماشای خوارەوە بکا
نەبادا مەخلوقاتی خۆی ببینێ
زەلیل و تێکشکاو
بەجلێکی شڕی دڕاو
کە بارانی شەرمەزاری لێی دابێ
پێچ و پەنای لەشی تێیدا دیاری دابێ
هەر کەندو لەندێکی
بەهەزار پینەوپەرۆی ڕوح چارە نابێ
یا پێچەوانە ڕوویدابێ
ڕوح شکابێ لەش بۆی تیمار نەکرابێ

شەریکی خۆشی وناخۆشیمانن
شەریکی شەڕو ئاشتیمانن
زیقاولەیەکی بەر زگ بۆر ببووە میوانم
کاکۆڵی قیتی بادەداو
دەیگێڕایەوە:
جەنگێکم بەرپاکرد
ئەو کاتەی
خەیاڵی گەچراوی دوژمنێك
لێم نزیك بووەوە
خەریك بوو هێلانەی خاڵخاڵم تێك بدا
زیقاولە وتی،
هێلانەی من و نیشتمانی تۆ فەرقیان چییە؟

ئەوسا تێگەیشتم لەبەرچی فەقێیان
ئەوسا تێگەیشتم لەبەرچی فەقێیان
خستبووە زیندان
دەفتەرو قەڵەمیان لێ سەندبوو
ئەو باڵندەی فێری یاخیبوون کردبوو
کردبووی بەگژ سروشتەوە
هێنابوویە ناو هەوای ئازادی کتێبەوە
ئەگینا زیقاولەیەك
کە هەر هێندەی لەپی دەستێك بوو
ئیلهامی ئەو هەموو متمانەو
چریکەی ئەو هەموو باوەڕەی
لە کوێ هێنابوو؟
کێ فێری کردبوو؟

پەرەسێلکەی منداڵی
قوورولیتەی لە ئەرزی کۆدەکردەوە
ماڵێکی لێ دروست دەکرد بۆ تەنیایی
کە لەشکرێکی گەورە هات
ویستی ئاوایی داگیر کات
پەرەسێلکەش لەگەڵ خەڵکی ئاوایی هەڵات
چووە ناو تیش و رەوەزان
لەوساوە نەگەڕایەوە
قبووڵی نەکرد ژیانی ئەسیری
هەتا مرد بەپیری

سۆفیلکەیەك سەری پاك تاشیبوو
کاکۆڵێکی باریکی هێشتبووەوە
نە پارەی هەبوو نە موڵك و ماڵ
کەچی نازدارێك دۆستی بوو
پەیمانیان بەیەکتر دابوو
ئەو زێڕی خۆری بداتێ
تا شووی پێ بکات
ئەو سەردەمە هی جۆرە عەشقێکە
ئەدگارو ڕەوشتێکی تازە
باڵندە لەسەر تەختی دادەنیشێ و
ئاشتییەکی سەرتاسەری بەرپا دەکا

لەقلەق دنیا وەکی کرمێك دەبینێ
دندووکی لێ دەدا
بێ ترس قووتی دەدا
کە دنیا گەورەبوو
لە قوڕگی لەقلەق عاسێ بوو
لاقی باریکی لێك داو
ئەو لاسکانەی لە زەوی هەڵقەناند
کە گوڵی سپی لەشێکی گەورەیان گرتبوو
حاجی بێزار بوو لە ئەرزی
هێلانەی بردە بەرزی

ئەوانە هەندێکن لە شیعری فەقێ
مەلی ئەون من دەرگای قەفەسم لێ کردوونەوە
بورجی باڵندە کڕێوەو تۆرانە
هەموو تۆرانێکیش ئاشت بوونەوەی بەدوادا دێ
ئەوان هەمیشە توورەنین
هەمیشەش تەباو گونجاونین
نە شەڕیان شەڕەو نە ئاشتی و پێکەوەژیانیان
گۆڕیان لە ناو بایە
فڕینیان هەتا هەتایە
لەشیان لە ئاو
ڕوحیان هەوایە
سروشت هەر بۆ ئەوان مایە

که سیمرخ باڵی لێکداو
سیحر کەوتە سەر ئەرزی
ئەو ڕۆژە یەکەم ڕۆژی ساڵی باڵندەیە
کەلووی بولبول دەکەوێتە سەرووی مەست بوون
بیانوویەك هەر دەبێ بۆ خوێندن
کوکوختی لە هەموو کەلووەکاندا هەر شەرمنەو هەر شەرمن
قەقنەس لە کەلووی ئاگرە
دڵسۆزانە تا ماوە دەسووتێ
کەس گوێی لێ ناگرێ
جا کەسی بۆ چییە؟
خۆی کەسی هەموو بێکەسانە

ئەو عاشقە بێ ئامانە
شەوو ڕۆژی نییە
گەرما و سەرما
هەموو کاتێك ئامادەیە بۆ ژیان
هەموو کاتێك ئامادەیە بۆ مردن
لە شوێنێکدا سووتابێ
لەسەد شوێن زیندووبۆتەوە
ئەو جۆرە عەشقانە شێت بوونە
ئەو جۆرە مەلانە هی شێتین
بورجی باڵندە بەو شێت بوونە دەست پێ دەکا
هەتا ئەبەدی ئابدین

سینگ سپیلکەی ناو ئاوێ
گەردن ئاقیقی
تیری خۆیم بۆ دەهاوێ
پەڕی شێداری لە چیلکەو چێوان دەچەقێ
هەموو جارێك دێتەلام بەخوێنی نزارەوە
ژوورم پڕ دەبێ لە بۆنیان
لەشم تەڕدەبێ
ناو جێگای نووستنم
تەڕبوون هێمایە بۆ جووتبوون
شەو شایەدە لە بەینماندا
خودا وەستاوە بەدیارمانەوە
هەموو جارێ هەموو جارێ هەموو جارێ

فەقیّ پەلاّسی قەقنەسی کردوّتە بەری
هەردووکیان لەسەر یەك دینن
کوندەپەپوو دلّڕەقانە
تەماشای مردنیان دەکا
تا کویّر بوون
هوما چاوەڕیّ دەکا
لەسەر شانی کامەیان بنیشیّ
کیّ ئەوی دیکە دەکوژیّ
پیّستی دەکاتە بەری
باڵی ئەو لە خوّی دەدووریّ
بەدەنگی ئەو بانگ دەکا:

خڕبنەوە گەلی باڵندان
دۆستانی دوورونزیك
گەورە و بچیك
نەفخی لێدا فەقێ
پەڕوباڵیان فڕێ دا
تووكیان لە خۆیان كردەوە
دوو دوو چوونەوە ناو كەشتی
گەڕانەوە بۆ پێش تۆفان
بەهەشتیان دروست كردەوە
وەك جاران
ئاگرێك كەوتەوە هەموویان سووتان

لە خۆڵەمێشی باڵندە
جیهانی نوێ دروست بوو.

سلێمانی/ ٢٠٠٧

# گۆڕێك لە درەنگی شەودا



لەو شوێنەی
پوونگ و ماخولیا و گیا شینکە
گومبەتە خۆڵێکیان بە خەمگینی داپۆشیبوو
پەڕوباڵی باڵندەیەکی ڕەسەنم دۆزیەوە
بەر لە من فڕیبوو
نەزیلەی دەردو مەرەدی غەریبان
پەڕ گێڕایەوە،
لەو جیگا دوورانەوە هاتوون
کە شووشە عەترەکانی تێدا شکاوە
گۆزەکانی لە شێوەی چاوی گریاوە

هەموو شتێکی وەك بەفرە
هاکا تواوە
قوڕی مۆری بەردی زەردی
دەماری دڵی خورپەدار
هەدادو بێدادی خونچە بوون
خاکی سەیرو سەمەرەیان بڕیبوو
ئاسمانی تەڵخ و بەرین
ڕزگاریان ببوو لە دەستی سەدان ڕاوچی و
تۆڕی ئاگرین
پەلکە شینکە گێڕایەوە:
دەماریان لێرە پچڕابوو
شەڕکەری کۆنی تەروادەو
هی سەردەمی ئەسکەندەر و سەلاحەدین

بە بەرگی سوور بە بەرگی شین
لە خوێنێکی تازەدا دەگەوزین
چ وەرزێکی بەدوادا هات ئەو مەرگە
چ وەیشوومەو بارانێك؟
سەری پەنجەم سوور دەچووەوە بۆ شیعرێك
لە رۆخیدا بە کۆمەڵ شین ببن ئەسرین
بەفریش گێڕایەوە، چۆن
یەکەمجار مەست بووە
کە پڕووشەی داویەتی لەو گۆڕە
خۆڵەکەی هێند گەرم بووە
باڵیان گرتووە کلووەکان
لەگەڵ یەکەم داباری

سووتاون پەروانە کە نیشتوون
بەسەر پشتێن و جەمەدانی و فیشەکدان
کردوویانن بەگوڵدان
پێویستە هێز لە ڤرجیل بخوازم
بۆ وەسفی شەڕکەرێك
کە دەیوست مەملەکەتی خۆر هەڵچنێ
لە تاریکترین شوێنی سەر ڕووی زەمین
میرێك بوو میری من
چەند ئەنگێزە هەبوو بۆ ژیانی
دە ئەوەندە پیلانگێڕبوون بۆ کوژرانی

شەڕ، ژوورێك نییە
لە ژوورەكانی نووستن
تا تێیدا بحەوێیتەوە
بایەكە بەچەپۆك لەدارو دیوار دەدا
هێڵەكانی یاریكردنی ناوخۆڵ
لە منداڵەكان تێك دەدا
ناسكترین شوێن دەبڕێ لە لەش و
ڕۆح تێك دەشكێنێ بەسەریەكتردا
لە مێژووی بەشەردا
شەڕ هەمیشە جوانترین شت بزر دەكا

لە ژێر داری سماق و خەیاڵ و کرۆسك وحەلوچکەدا
خوێنێکی کۆن تازە ڕژابوو
ڕێچکەی بەستبوو هەتا خوار
سەرخۆش ببوون مارو مێروو و فڕندە پێی
ئالآبوون لە قەدی دارێکی کەڕدا
میری من بە دوو دەست لەو دارەی دەدا
لە منداڵییەوە
تامی کرۆسك کەوتبووە زاری
لە زمانیدا ئەو تفتیە هەر مابوو
لە بێکەسیشدا زەردییەکەی

چۆن پرتەقاڵی دڵی خۆم
فڕێ دەمە ناو شەڕەوە؟
زۆرینەو زاناکان دژی بیدعەن
میری ئاگردز بەتەنێ وەستاوە
ئاگری بۆ داخراوە
فەرمانی سوڵتان بەڕوویدا هەڵواسراوە
ئاگر ترسناکترین بیدعەیە
فەرمان ساختەترین نووسراوە

چارەنووس بردمییەوە لایان
هەریەکەو دارێك بوون
هەریەکەو نەشئەی گەوارایەك
تەمەن بەچ ئاوازێك دەست پێ بکا
بەو ئاوازە دەڕژێ
بەڕەنگی سوورەوە کرۆسکی کوژراوم
سروودی بەدوای خۆمدا راکێشراوم
ئەو بەیانییەی
هەتاوی پایز لێم هاتە ژوورێ
سەبەتەی رۆح پڕ بوو لە گوڵی زەردی
مەملەکەتی خوم لێیان هەڵچنی
تاجی شاهانەم لەسەرنا
لێرە زۆر شتمان جودایە
هەمووممان منداڵی گەورەین
گەورەی هەمیشە منداڵین

بچووکترین مێرووش دەتوانێ
بە جەستەی گوڵدا هەڵگەڕێ
بەڵام ئازاری بولبولە کە دەیکا بە گوڵستان
میری من میری خەونەکان
موڵکی، بەڕووبەری زەوی و بە ڕەز و باخات و
بە ژمارەی ئەسپیندارەکان ناپێورێ
خەونیشی بە ڕوژ و ساڵ
میری من هەر دەفرێ
بۆ وڵات و مەملەکەتان
لەوێش جێگەی نابێتەوە
جێ دێڵێ تەلبەند و قەفەس و سنوور
دەبڕێ ڕێی دوور
ئەو گومبەتە خۆڵە خەمگینە

پوونگ و نەعناع گرتوویانە لە خۆیاندا
پەڕ گێڕیەوە،
ئەو خۆڵە دەکولا
وەکی ئاوی ناو کاسەی سەری ئەو کەسەی
کە سیحری لیٚ کراوە
مشتێك لەو خوڵەم
خستە ناو پەڕەکانی کتێبێك
کتێب چوو بە گژ شمشێردا
خستییە ژێر حەرفەکانی
ئێستا هەموو شت بزرە
لە ناو لە علی ماناکانی

لە ناو کتێبخانەکەمدا
زۆر کتێب هەن دەربارەی شەهیدو
شۆڕش و سۆفی و زەندیق و حەرامزادەکان
دڵم بەو ئاگرە خۆشە
کە چەند ساڵ جارێك
ئاگر دزێك
دەیخاتە ناو کتێبەکان
تەختی پڕ مۆرووی زەڕکەفت نەخشینیان دەسووتێ


هەموو حوکمێك بەیاخیبوون دەست پێ دەکا
یاخیبوونیش دەیڕووخێنێ.

**ئەیلولی ٢٠٠٦ هەولێر**

# لاواندنەوەی برۆدسکی

**هیچ کەس دوورگە نییە**

"جۆن دن"



بڕۆدسکی نوستووە. لە دەوری ئەویشدا
ڕووسیاو هەموو قەیسەرەکانی، سەرکردە شیوعییەکانی
نوستوون
سوپای ناپلیۆن لە بەرانبەر سوپای کۆتۆزۆف
سوپای سوور لە بەرانبەر هی هیتلەردا
بەهەموو تەدارەکی جەنگەوە نوستوون
دیمەنەکان وا نیشان دەدەن: شەڕەکان تەواو نەبووبن!
مەیدانەکان بە چەتری ژنە کەلوپەل فرۆشەکانەوە
بەکورسی و مێزی چایخانەکانەوە
بەپیرەمێردەکانەوە، کە دانیشتوون بەدیار هەواڵی بەرەکانەوە

بەپەرداخی پڕ ئاو بەدەست سەرسامیەوە
بەچای ناو پیاڵەو ئیستکانەوە
بەقەڵەمی ناو دەست و پەنجە
بە چاویلکەی کزی چەماوە
بەدیار ڕستەی خەواڵووەوە، هەموویان نوستوون
ئاگرەکان نەکوژاونەتەوە
چراکان خامۆش نەکراون
ئوتۆمبیل بەوانەشەوە کە چەك و تفاق و بریندار دەگوازنەوە
شەمەندەفەر بەبارو سەر نشینەوە
بەوانەوە کە ئالآیان بەدەستەو لەوێستگەکاندا
ڕایاندەشەقێنن هەموویان نوستوون
ژیانێکی تر چاوەڕێ دەکا
لەو شوێنەوە دەست پێ دەکا

برۆدسکی نوستووە، جۆزیف برۆدسکی
هەندێك ناوی بەیوسف دەبەن، دەیبەنەوە
سەر تیرەی خۆیان. ئەویش لە لایەن براکانیەوە
خرایە ناو بیری یەکێتی سۆڤیەت و بەرژەوەندی باڵای کۆمۆنیزمەوە.
برۆدسکی لە تیرەی ئاو بوو
بۆ هەمووان ڕژابوو
هەر کەسە و دەفری خۆی لێ پرکا.
تەمەنی گەیشتبووە شەست و پێنج هێشتا منداڵ بوو
کە من ناسیم قژی بۆ دواوە هەڵدابووەوە
ناوچەوانی چۆم و جۆبار بوو
هەر لکەکی لە جێیەك هاتبوو دەچووە سەد جێ
تێکەڵی ئاوی بچووك و هی گەورە دەبوو
وەکی دی بەردێکی لووس بوو
هێندە باری گرانی بەسەردا چووبوو دەبریسکاوە
بەجلێکی خۆڵەمێشی خاڵدار لە لێوارێکی (بۆستن)دا
بەدیار باڵندەی کۆچەری ئەو دنیایە هەڵتوتابوو
دەتووت چاوەڕێی کەشتییەك دەکا
خۆی و جووتێك لە هەرچی بوونەوەرە
هەڵیانبگرێ بیانباتەوە بۆ کوێ؟
لافا و هەموو شتێکی لە بیر بردمەوە.

شەو لەسەر شەقام و ناو دارستاندا نوستووە
پەنجەرە لە لا پاڵی ماڵ
دەرگا لە بەردەمی ڕێبوار
درەخت بەلق و پۆپ و گەڵاوە بەجریووەو
باڵەفڕەی مەلەکانەوە نوستووە
خەو لەشکرێکی سپییە لە بەرانبەر سوپای ڕەشدا
بەشمشێری گوڵ جەنگییە
کەس دڵی لای کەس نییە
دنیا بێباك نوستییە
شاعیر شەرعی خۆی کردییە
ڕمەکان نووکیان لە دڵی برۆدسکی چەقاندییە
پەتی سێدارە لەبەر بەفرو تریفەدا هەند غەریب خۆی نواندییە
تابلۆکە کەس نەیکێشاوە
خۆی خۆی نەخشاندییە
خەو چوارچێوەی بۆ دروست کردییە
سەرو بۆری بۆ داناوە قافیەی ترازاندییە
تەنیا مردووەکان زەرەریان کردییە
ئەوان بەخەو جەنگیان دۆڕاندییە
زیندوو بەو چەکە پشتی جەنگی گەورەی شکاندییە

برۆدسکی نوستووە، شەیتان بەشەیتانی خۆی نەیتوانی
نەنووێ. ڕێوی بەو هەموو فێڵبازییەوە
ژەهر بەو هەموو تاڵییەوە هەموویان نوستوون
لەسەر پشت و لەسەر لا یا بەدەمدا
ئیماندارو بێئیمان
کارو سەرمایە
ڕێك و ناڕێك جوان و ناشیرین
لە فیلەوە تا مێرووولە بەوانەی سێرکیشەوە
هەموو نوستوون
ئاسنگەر بەدیار کوورەوە
دوکاندار بەدیار کڕیارەوە
ژنی نیوە ڕووت بەدیار تەماشاکەرانیەوە
پشیلە بەدیار مشکەوە
یاریکەری هەڵخلیسکانێ بەدیار بەفرەوە
بادە بەدیار پیاڵەوە هەموو نوستوون

کە بڕۆدسکی نوست دەمێك بوو جۆن دن نوستبوو
خۆی و برادەرە شاعیرەکانی بەدیار میتافیزیقیاوە
کە هەموو شتی تێك دەدا
خواو بوونەوەرەکان.
خۆی و ئەسپێ هەردووکیان بوون
خوێنی خۆشەویستیان لە جەستەی بچووکدا
تێکەڵی یەکتری دەکرد، کەسیش بەو کەین و بەینەی
نەدەزانی. جۆن دن سەروەری ئینگلیسی
لەو زیندەوەرە دۆزییەوە، بڕۆدسکی هی ڕووسیای
لە باڵندەی بەرزەفڕدا
ئەو بەچاوی ئەو مەلانە وڵاتی دەدی
ئەویش هێندە دوورکەوتبووەوە
وەکی خاڵێکی ڕەش دەبینرا لە دوورەوە
جا وڵات بۆ هێندە بچووك ببووەوە
لە بەرزاییان نەبینرێ؟

ئێوارەیەکیان، بەر لە نوستنە گەورەکە
برۆدسکی هەر خۆی و زێدی بوون پێکەوە:
دەمزانی تازە کار لەکار ترازاوە
کەوتۆتە نێوانمان حەڤت کێو
ئەو کێوانە پڕن لە دزو جەردە
لە خەفیە و ئەغیار
تەنیوویانە هەرچی عەردە
چی بێژم جانانە بەچی باوەڕت پێ بێنم
کە تۆ هێندەی چارۆگەیەکت نەماوە
بیدەی بەشانی ڕووتی ئانا ئاخماتۆفا؟
لێرەوە تەورت نارد بۆ ئەو سەری دنیا
بۆ کوشتنی ترۆتسکی
باوەڕ بەچیت بهێنم چۆن متمانە بکەم پێت؟
ئەو هەموو خەڵکەت بۆ بردە سیبریا
بۆ خۆراکی بەفربوو؟ جا بەفر ئەو هەموو

لاشە لاوازو شەکەتەی بۆچی بوو؟
بۆ کێ دەیهاڕین؟
سوپاسی خەو دەکەم کە هات و هەمووومانی
بردەوە لای خۆی. سوپاس بۆ مردن
ئەوەی هەبوو هەمووی بەپێوانەی خۆی پێوای
کامەمان خەونی زۆر بوو ئەو دەوڵەمەند بوو
هەژار ئەوانە بوون کە خەونیان نەبوو
خەونی شەوێکیان بەهەزار دەردی سەری پەیدا دەکرد
خەونی سبەی، خوا خەونی سبەینێیە!
دەزانم خوا ئەوەیە کە سبەی لەگەڵماندا دەژی
بەڵام ئەویش پێویستی بەخەونە
بۆ سەردەمێکی ترو ژیانێکی تر

برۆدسکی نوستووە، باڵە قورسەکانی لەسەر کەنار
راخستووە. من و دەیان شاعیری خۆرهەڵات بەرێووەین بۆ لای
دەیان شاعیری خۆرئاوا بەرێوەن بۆ لای
بەشەرعی ئەو هەموومان باڵندەین
چ تۆرێك خەونی زڕ بەو هەموو باڵندەیەوە دەبینێ؟
چ ڕاوچییەك سێرەی گرتووە لێمان؟
کۆچی باڵندە ئاوهایە
هەندێك دەپێکرێن
هەن باڵیان دەشکێنرێ
کەچی هەندێکیان هەر دەگەن بەدارستان.
مەل بەگەورەو بچووکی نییە
ئای ئەگەر گەیشتم و نەپێکرام

بەچاوی خۆتان دەبینن
چۆن هێلانەم پاراستووە
نەمهێشتووە گوناه بیگاتێ تاوان تێکیدا
چۆن گریانم کردۆتە شوورە بۆ قەڵای ژیانم
ئەو هەموو تیرە ژەهراوییە نەیپێکاوم چوزانم
دەنگم ئەگەر بڵندیش نەبووبێ لە بڵندانەوە هاتووە
خووی بەفری گرتووە بەکلوو باریووە
زمانم بەڕەنگی ئەو نەخشیووە
شاعیری بەفریش بم هی کلووەکانیمە
گیرۆدەی زیندەوەرە بچووکەکانیمە

ئەو خەونە نارنجییە تۆخانە کە دەڵێی ژەنگن بەژیانەوە
نووساوون، کە بەری قورسن بەلقی نائومێدیەوە
هاتوونەتەخوارێ، کێ لێیان دەکاتەوە؟ کە باخەوان هەموو
نووستوون، کە فریشتە نوستوون، کە سوارە بەفرینەکان
نوستوون. ئەو بەفرە هەتادێ بەرزتر دەبێتەوە
چەند تەنیا ئەو هەموو ڕوحەماندووانە دەگێڕم
چ زەنگێك بەئاگایان دێنێ، کە مەسیح نوستووە،
حەللاج و مەولاناو کێ و کێ بەدەورییدا. سفرە
پڕە لە ئازار کێ پێشتر دەستی بۆ دەبا، کێ تادوا
تام دەیخوا، تا دوا قووم دەینۆشێ؟
ئەوە جەستەی شاعیرە لە بەردەمتاندا، ئەوە خوێنی پڕ
لە ئاوازیەتی لە گەرووتاندا. هەریەکەو لەتێکتان، هەریەکەو
قومێکتان تا ماون نەوە دوای نەوە بیگێڕن.

برۆدسکی نوستووە، جۆن دن نوستووە لە پاڵی
فریشتە و شاعیر و سیحرباز
چەتە و ئەشقیا دڕك و گوڵ
شەڕ و ئاشتی
هەموو دژەکان پێکەوە نوستوون
کە هەستان کێ دەڵێ هەروەکو خۆیان دەمێنن؟
خەون بەو ڕۆژەوە دەبینم بشکێ سنووری نێوانیان
بەو ئومێدەوە دەنووم
لەسەر چەرپایەکی شیندا
لێفێك دامدەپۆشێ پڕە لە باڵندە
کە کەس نەیتوانی نازیان بکێشێ
لەگەڵ خۆمدا بردمنە خەونەوە
ئای لەو هەموو باڵندەی خەونە لەو ڕۆژی حەشرە
کەس لێیان ناپرسێتەوە
دەنووکیان خستۆتە ژێر باڵەکانیانەوە
لەسەر چەرپایەکدا لیفێك دامدەپۆشێ شینە
دەبێ بنووم و بەس بێ ئەم فڕینە

برۆدسکی چۆتە جەستەی ئەستێرەیەکەوە
دڵی بە زریووەی لێ دەدا
ئەوەی ڕۆی ناگەڕێتەوە.

**سەرەتای ٢٠٠٨ هەولێر**

## ئەنقەرە



شەو و ڕۆژێکە
لە ئەنقەرە دەسووڕێمەوە
دڵم پێشبینی دەکا
گەنجینەیەك دەدۆزمەوە
بەشی هەموو تەمەن دەکا.
دەزانم هەر شارەو سیحری خۆی
بە تەرزەك دەشارێتەوە
هەنە زوو دەگەی پێیان
کۆشت پڕ دەکەی لە ئەفسوونی یارانی
چاڤ دەنەخشێ بەدیمەنی
گۆڕەپان و شەقامی ناودارانی
هەشن بەزەحمەت دەیگەیتێ
ناکرێنەوە بەئاسانی دەرگاکانی

بەیانی زوو
جەنتای سەفەر دەکەمەشان
چ سیحرێکی ئەو شارە
بو خوّم دەکەم بەناونیشان

دڵم لێ دەدا
لەگەڵ موّسیقای پایزی
دەست و پەنجەی گەڵاکانی
تەماشام پڕدەبێ لە ڕەنگی
پەڕیووی ئێوارەکانی

شەقامی (قزل ئای) یەك پارچە سوورە
بە چناری ژنە بەژن درێژەکانی
بەخوێندکارە چەپەکانی
کە دانیشتوون لەسەر کورسی و
دەوری مێزی گازینۆ و بارەکانی
بە گۆرانیەکانی سەردەمی مۆدێرن و
ئای ئای ڕابردووە خوێنەوییەکانی.
لە بارێکدا
بەدیار وێنە غەمگینەکانی یەلمازگۆنای و
گیڤارا و ئەحمەد قایاوە
ئاوازە سەربڕاوەکانی خۆم دۆزییەوە
بەسەر تەلی سازێکەوە
گۆرانیبێژەکە بەخۆشی ئێمەوە
سترانێکی چیایی دەچڕی
بۆنی (ڕاکی) لێ دەهات
دەنگدانەوەکانی

شەو و ڕۆژێکە
دناڤ کتێبێکی گەورەدا
بۆ وشەیەك دەگەڕێم
لە ئەلبومێکدا
بۆ نیگایەك

ئەو وڵاتە هی کامیانە:
هی ئەتاتۆرك
یا پامۆك؟

له شەقامی قزل ئایدا
کچێکی کەڵەگەت
له ناو ئاپۆڕەی خەڵکیدا
بەبەر چاوی ئێوارەوە دەگریا
هەورێکی نارنجی
ملوانکەی مرواری ملی دەپچڕا
خودایە، ئەی خودا!
ئەو جۆرە مۆرووانە هی بنی دەریان
هەر دانەو بەهایان
گرانترە له هەرچی تشتی دنیایە
ئەو ئێوارە پایزییە له کوێی هێنان؟
به دڵ خڕیانم کردەوە

سپێدە
لە فڕۆکەخانە
ژمارەیەك پیرێژن و پیرەمێرد لەگەڵماندا
ئەوانیش دەهاتنە ئەڵمانیا
پرياسکەيان پڕبوو لە خۆراکی جەژن
جەنتای منیش
دوو دەست جل و
چەند دەرپێ و فانیلەیەك و
هەندێك گۆرەوی و
کتێبێکی ئۆرهان پامۆك
لە سوچێکی جەنتاکەشدا
شووشە بۆنێکی نارنجی شکابوو
هەموو شتەکانی لە بۆنی خۆی وەردا بوو

لە هەر وێستگەو
ناو هەر پاس و میترۆیەکدا
هەر ئەو بۆنەو
هەر کتێبەکەی پامۆك و
هەر ئاوازە تۆراوەکەی ناو بارەکە
لەگەڵمابوون.

# پێڕست


کۆنسێرتی بازاڕ ....... ٥
پرسەی مێخەك ....... ١٩
پەیکەر ....... ٢٣
سەفەر ....... ٢٩
فەنتازیای ڕەنگەکان ....... ٣٣
بوونەوەرەکانی حافز "هی گۆتە" ....... ٤٧
دیاری ....... ٩٣
نیل ....... ٩٧
دۆن کیخۆتە ....... ١٠٣
سۆناتای باڵندە ....... ١٠٧
گۆڕێك لە درەنگی شەودا ....... ١٤٣
لاواندنەوەی برۆدسکی ....... ١٥٧
ئەنقەرە ....... ١٧١